یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
مەکتەبی تەنفیزی
ئەنجومەنی باڵای فەتوا

إتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان
المكتب التنفيذي
المجلس الأعلى للإفتاء

بسم الله الرحمن الرحيم

ژمارە / ١٦٠ بەروار / ٢٥ / ٤ / 2020

بابەت: دیاریکردنی ڕێژەی سەرفیترەو فیدیە بۆ ساڵی 1441هـ
ژمارەی فەتوا: 10 / 2020
بەروار: 29 ی شەعبانی 1441 هـ = 2020/4/23م = 3ی بانەمەڕ 2720ك
جۆری فەتوا: توێژینەوەیی
بابەت: پەرستشەکان

## (فەتوای دیاریکردنی ڕێژەی سەرفیترەو فیدیە بۆ ساڵی 1441هـ)

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

قال تعالى: {فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِنْ كُنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ} (سوره النحل: 43).

الحمد لله وكفى، والصلاه والسلام على سيدنا محمد المصطفى، وعلى آله وصحبه والتابعين إلى يوم الدين وبعد:

ئەنجومەنی باڵای فتوا لە هەرێمی کوردستان لە بەرواری 29 ی شەعبانی 1441 کۆچی بەرامبەر 2020/4/23 کۆبونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدا - بە ئۆنلاین - بە مەبەستی دیاری کردنی ڕێژەی سەرفیترەو فیدیە و چەند بابەتێکی تر بۆ ئەم ساڵ، دوای گفتوگۆیەکی تێرو تەسەل لەم بارەیەوە و گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانی فیقهی ئیسلامی، هەروەها ڕاوێژکردن لە گەڵ کەسانی پسپۆر لە کاری دانەوێڵەدا.. ئەنجومەن گەیشتینە ئەم **فەتوایە بەم خاڵانەی** لای خوارەوە:

1- **سەرفیترەو شێوازی دەرکردنی:** ئاشکرایە زەکاتی فِطر (سەرفیترە) لە ساڵی دووەمی کۆچیدا وەك فەرمانێکی دیاریکراو فەرز کرا لە سەر موسڵمانان، وە هەر لەم ساڵەشدا ڕۆژوی ڕەمەزان واجب کرا، (مغني المحتاج للخطيب (62/2)، شێوازەکەیشی صاعێکە لە خورما یان جۆ یان گەنم و هاوشێوەکانیان لە سەر تێکڕای موسڵمانان: نێر بێت یان مێ، گەورە بێت یان منداڵ، حەزرەتی عبداللە کوری عومەر(خوایان لێ ڕازی بێت) ئەفەرموێ: ( فرض رسول الله(صلى الله عليه وسلم) زكاه الفطر صاعاً من تمر أو صاعاً من شعير على العبد والحُرَ والذكر والأنثى والصغير والكبير من المسلمين وأمر بها أن تؤدى قبل خروج الناس إلى الصلاة) (الحديث متفق عليه، ينظر: صحيح البخاري(161/2)برقم(1503)، صحيح مسلم(677/2) برقم(984) واللفظ للبخاري)، وە بە گەیشتنی شەوی جەژن واجب دەبێت، واتە هەر کەسێك دوای ئاوابوونی ڕۆژ وەفاتی کرد لە سەری واجبە و پێویستە بۆی بدرێت، بەڵام ئەگەر دواتر لە دایك بوو لە سەری واجب نییە، هەروەها سوننەتە پێش نوێژی جەژن بدرێت، پێویستە بە بێ هۆ دوای نەخات، ئەگەر دوای خست لە ڕۆژی جەژن ئەوا گوناهبار دەبێت و پێویستە قەزای بکاتەوە. (المنهاج للنووى مع شرح الخطيب (2/ 111).

2- هەر موسڵمانێك لە ماوەی شەو و ڕۆژی جەژندا باری دارایی ئەوەندە هەبێت کە زیاد بێت لە پێداویستی خۆیی و ئەوانەیش بژێو و خەرجیان لە سەریەتی، ئەوا پێویستە سەرفیترە بدات، هی خۆی و ئەوانەش کە خەرجییان دەکات. وەك پێشەوا (النووى) دەفەرموێت:"ولا تلزمه الفطرة، ولا تجب إلا على من فضل عن

قوته، وقوت من تلزمه نفقته وقت الوجوب ما يؤدي في الفطرة، فإن لم يفضل عن نفقته شيء لم تلزمه، لأنه غير قادر". (المجموع شرح المهذب لشيخ الإسلام النووي: (6/ 105).

3- **دروستە لە ڕۆژانی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز زەکاتی سەر فیترە دەر بکرێت:** پێشەوامان ئیمامی شافعی (رحمه الله) بەلایەوە دروستە هەر لەسەرەتای مانگی ڕەمەزانەوە بدرێت و کێشە نییە، باشترین کاتیش لە دوایی پازدەی ڕەمەزانە، چونکە فەرمودەی: " أغنوهم عن طواف هذا اليوم " رواه البيهقي في السنن الكبرى وفي ذيله الجوهر النقي (4/ 175) برقم (7990) من حديث ابن عمر(رضي الله عنهما) والدار قطني في سننه (5/ 404)برقم(2157) وابن وهب في الجامع (1/ 115) برقم(194). واتە: هەژاران بێ نیاز بکەن لە ڕۆژی جەژندا لە گەڕان و سوڕان بە دوای ژیاندا؛ ئاشکراشە تەنها شەوی جەژن ئەم بێنیازکردنە پێکنایەت، بە تایبەت لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا کە پێداویستیەکانی ژیان زیادیانکردووە، بۆیە دەکرێت چەند ڕۆژێك پێش جەژن ئەم سەرفیترەیە بدرێت بە کەسانی موستەحەق. بەڵام وەك گوتمان باش نییە بخرێتە دوای نوێژی جەژنەوە مەگەر بەهانەیەکی دروست هەبێت، حەرامیشە لە ڕۆژەکەی دوا بخرێت، چونکە ئەو مەبەستەی کە لە بۆی تەشریع کراوە دەفەوتێت، کە بریتییە لە بەشداری کردنی هەژاران لە خۆشی جەژندا. (مغني المحتاج للشربيني (111/2).

4- **سەرفیترە لە چی بدرێت؟** جەماوەری زانایان (شافعییەکان، مالکییەکان، حەنبەلییەکان ) ڕایان وایە پێویستە قوت بێت واتە: گەنم و دانەوێلە، بەڵام لە لای مەزهەبی پێشەوا ئەبو حەنیفە و هاوەڵانی و(متأخرين) ی زانایانی مەزهەبی ئیمامی شافیعی دروستە لە جیاتی قوت قیمەت و نرخەکەی بدرێت ، واتە: پارە بدرێت. هەروەها ئەوەش ڕای پێشەوایان سوفیانی سەوری و حەسەنی بەسری و عومەری کوری عبد العزيز و ئیمامی بوخاریە. پێشەوایان: (اسحاق و أبو ثور) یش فەرمویانە: لە کاتی زەرورەت و پێویستیدا دروستە. قال الإمام النووي: " لا تجزئ القيمة في الفطرة عندنا، وبه قال مالك وأحمد وابن المنذر، وقال أبو حنيفة يجوز وحكاه ابن المنذر عن الحسن البصري وعمر بن عبد العزيز والثوري، قال وقال اسحق وأبو ثور:لا تجزئ إلا عند الضرورة" المجموع شرح المهذب لشيخ الإسلام النووي(144/6).

کەوا بوو ئەصل قوتە (گەنم و جۆ و برنج و دانەوێلە)، بەڵام زانایان فەرمویانە: ( يجوز أنْ يعدل عنه إلى إخراج القيمة لضرورة أو حاجة أو مصلحة راجحة فيجزئ حينئذ) واتە: دروستە لە جیاتی قوت پارە بدرێت لە کاتی پێویستی و بەرژەوەندی هەژاراندا، جا بە هۆی ئەوەی بار وگوزەرانی خەڵك زۆر گۆرانکاری بە سەردا هاتووە خەڵکی هەژار و دەست کورت لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا وەکو پێویست سوودمەند نابن لە دانەوێلە بەراورد لە سود وەرگرتنیان لە پارە، هەروەها مەبەستی شەرعی لە دانانی ئەم فەریزەیە بە دەرکردنی خواردەمەنی لە ئێستادا بە تەواوەتی نایەتەدی، هەربۆیە :

ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان بە موسولمانانی خەڵکی کوردستان ڕادەگەێنێت بێ هیچ گومان و دوو دڵییەك دروستە زەکاتی سەرفیترەکانیان بە پارە بدەن بە هەژاران لە بری دانەوێلەکان ، کەوا بوو هەموو تاکێك موسولمان ئازادە لە وەی گەنم و دانەوێلە بدات لە جیاتی سەرفیترە یان پارە،

لەسەر ڕای ئیمام ئەبوو حەنیفە و زانایانی (متأخرین)ی مەزهەبی خۆمان بەبێ هیچ کێشەیەکی شەرعی. وە بۆ زیاتر زانیاری لەسەر بەڵگەکانی دروستی دەرکردنی زەکاتی سەرفیترە بە پارە، بگەڕێنەوە بۆ فەتوای ژمارە (9)مان لە ساڵی 2017 لە سایتی زانایان بەشی فەتوا ( www.zanayan.org) کە پێشتر ڕوونمان کردووەتەوە.

5- **چەند بدرێت بۆ سەرفیترە؟** ئەوەی گەنم یا جۆ یا برنج ئەدات واتە( قوت)، ئەندازەی واجبی سەرفیترە بۆ هەر مرۆڤێکی گەورە یا بچوك، پیاو یا ئافرەت، یەك صاعە لە قوتی غاڵبی ئەو شوێنەی سەرفیترەی تێدا لە سە ر واجب بووە، کێشی یەك صاع دەکاتە نزیکەی(2,420 دووکیلۆ و چوارسەدوبیست گرام)، ئەوانەیش بە پارە سەرفیترەکانیان دەدەن پێویستە لە بابی ئیحتیات و باشتر: بۆ هەر کەسێك ( 2,500 دوو هەزارو پێنج سەد دیناری عێراقی) بدەن.

6- **فیدیەی ڕەمەزان:** ئەو کەسەی فیدیەی کەوتۆتە سەر، ئیتر بە هۆکاری پیری، یا نەخۆشی، یاخود سکپڕی و شیردان، وە یا بە هەر عوزرێکی شەرعی تر فیدیەی لەسەر پێویست بووە، بۆ هەر ڕۆژێك (2500 دوو هەزارپێنج سەد دیناری عێراقی)یە بە هەمان ئەندازەی سەرفیترە، بە پێی فەتوای خاڵی چوارەمان، وە بۆ تەواوی مانگی ڕەمەزان (75,000 حەفتا و پێنج هەزاردینار) عێراقی دەکات.

7- **سەبارەت بەو هاوڵاتیانەی کە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەژین:** ئەوا لەو وڵاتەی لێی دەژین بڕی چەند دیاری کرا بۆ سەرفیترە ئەبێت ئەو ئەندازەیە بدات، وە دەتوانێت لە کوردستانیش وەکیل بگرێت بەپێ ی ئەو بڕەی کە لەو ولاتەی تێیدا ئەژیت بۆی بدەن، وە ئەگەر لە ولاتێك دەژیا بڕی سەرفیترە لەو وڵاتە دیاری نەکرا بوو وەیا نەیئەزانی، ئەوا دەتوانێت بۆ هەر ئەفەرێك لە 10000 دە هە زار دیناری عیراقی بدات زیاتریش بێت باشترە .

(والله سبحانه وتعالى أعلم)

وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان

هەولێر / 29 ی شەعبان 1441 هـ

2020/4/23م = 3ی بانەمەڕ 2720ك